www.kurdistannet.org
3-10-2007 16:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

پاشەڕۆژی کوردانی هەندەران بە کوێ دەگات؟! ... هوشیار عوسمان

نامەوێت مێژووی کۆچی کوردان بۆ هەندەران باس بکەم و هۆکارەکانی شی بکەمەوە، بەڵکو لە سەر ئەو مەسەلەیە پێ دادەگرم کە ڕەوەندێکی زۆری کورد لە وواڵاتانی جیهاندا بڵاو بوونەتەوەو بەپێی سوننەتی ژیان شەوو ڕۆژی تەمەنیان لە غوربەتدا سەرف دەکەن.

ئاخۆ دوای 50 ساڵی تر نەوەی داهاتوومان لە دەرەوەی وواڵات تا چ ئەندازەیەک هەستی میللی و نیشتمان پەروەریان هەیە؟ئایا خۆیان بە کورد دەزانن یان لەناو بێگانەدا تواونەتەوە؟؟ کەسایەتیان لە سەر بنەمای ڕابوردوویان دروست دەکەن و سەروەرییەکانی باب و باپیریان بەرزو پیرۆز دەزانن و جێگای شانازیانە یان ئەوەی لایان مانایەکی نی یەو بێ ئاگان لێ ی ئەو ڕۆژانەیە کە تێیدا هاونیشتمانیان لە شاڵاوەکانی کۆقەبرو ئەنفال و ڕاگواستن و کیمیا باراندا لە بەردەم وێژدانی مردووی مرۆڤایەتیدا کۆتایی بە ژیانیان هات... ؟؟!!!

بە چاوخشاندنێک بە واقعییەتی ئەمرۆی کوردان لە هەندەراندا بە خێرایی بۆمان دەردەکەوێت ساڵ بە ساڵ کوردانی تاراوگە لە کوردستان و کورد دوور دەکەونەوەو لە هەموو شتێک نزیک دەبنەوە بێجگە لە هەست و سۆزی نەتەوەیی، کە ئەمەش کارەساتێکی تراژیدی دیکەیە بۆ گەلەکەمان و باجەکەی زۆر لەوە قورسترو گەورەترە کە بیری لێ دەکەینەوە.. !!

جێی داخ و کەسەرە لە ئەمرۆی باشووردا هیچ لایەنێکی پەیوەندی دار نەخشەو پلانیان لەم مەسەلەیەدا پێ نی یەو کاری بۆ ناکەن و خۆیان بە بەرپرس نازانن. لەولایشەوە باوکان و دایکان و گەورەکان بەهۆی چڕی و پڕی کاری ڕۆژانەیان ئاگایان لە منداڵەکانیان نی یەو وا دەزانن هەموو شتێک لە جێگەی خۆی دایە، کە لە ڕاستیدا منداڵ و گەنجی کورد بەرەو گێژاوێکی سامناک مل دەنێت و ئایندەیەکی تاریک و نادیار چاوەڕوانیانە.

لەوانەیە ڕێژەیەکی کەم لەم بازنەیە بەدوور بن و ئومێدی پاشەڕۆژێکی گەشیان لێ بکرێت بەڵام زۆربەی لاوەکانمان لەم جەغزەدان کە من هاواری بۆ دەکەم و بەبێ سەرزمێری و ئامار دەتوانین بگەینە ئەو قەناعەتە کە کورد لە دەرەوەی وواڵات ئەگەر وا بڕوات هەموو شتێکی دۆڕاندووە و نە بۆخۆی و نە بۆ دەوروپشتەکەی ناتوانێت کارساز بێت.

ئاخر لە جیهانی تکنیک و زانستی ئەمڕۆدا و لەو وواڵاتانەی ئەوروپادا کە کوردی تێدا نیشتەجێ یە با ڕاستگۆیانە سەیری منداڵ و گەنجی کورد بکەین کە لە چ قوتابخانەو قۆناغێکی خوێندن دان!! ئەوانەی تەمەنیان لە 18 سەروو ترە لە کوێ دا کار دەکەن؟!! ئاستی ڕۆشنبیری و کەسایەتی و دەروونیان لە چ پلەیەکدایە؟! کاتی بێکاری بە چی سەرف دەکەن؟! کردارو گوفتاریان تا چ ئەندازەیەک لە نۆرمی ئەو کۆمەڵگایەدایە کە تێیدا دەژین؟!! بەکورتی دەسەڵاتی کوردی پێش باوک و دایک لەم قەیرانەدا بەرپرسیارە چونکە ئەوانن داکۆکی لە مەسەلەی کورد دەکەن و دوێنی لە سەنگەری شۆڕش دا ئەمڕۆ لە سەنگەری خزمەت گوزاریدا خۆیان بە خاوەنی کوردستان دەزانن. ئەم چینەی دەرەوەش بەشێکی دانەبڕاوی گەلی کوردن و دەبێت ئێش و ئازارەکانیان کەم بکرێتەوە و بە ئاقارێکدا بڕۆن کە شانازی بن بۆ هەموو کوردو مرۆڤایەتی و دەستێکی بە توانا بن بۆ بنیات نانەوەی ئەو نیشتمانەی کە لێی دابڕاون.

hushyarosman@yahoo. de

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.